# بیکەر و ئاسۆی ئاشبەتاڵێکی تر

هیوا ناسیح

کاتێک سەت ساڵێک لەمەوبەر باوکی شیعری نەتەوەیی کورد (حاجی قادری کۆیی) لە هۆنراوەیەکیدا ئامۆژگاری کوردی کرد و فەرمووی (( ئەگەر بە ئۆینیش بێت تابع بە دەوڵەتێک بن!)) ڕوونە کە مەبەستی ئەم پیاوە مەزنەی کورد ئەوە نەبووە، کە سەرانی کورد هەموو هێلکەکانیان لە سەبەتەی ئەو (دەوڵەتە) دا دابنێن و بۆ خۆیان هیچ پلان و نەخشەیەک و ئەلتەرناتیڤێکیان نەبێت تا لە کاتی پشت تێکردنی ئەو دەوڵەتەدا دەستەوستان دابنیشین.



ئەگەر خۆشخەیاڵی و نەشارەزایی بواری دیبلۆماسی سەرکردایەتی سیاسی کورد لە ساڵانی حەفتاکاندا ئاشبەتاڵی ١٩٧٥ ی لێکەوتەوە، ئەوا ئەمجاریان چی بە نەوەکانی داهاتومان دەڵێین، کە جارێکی تر هەمان زلهێزی جیهان ناپاکیمان لێ بکات و دووبارە هەرەس و ئاشبەتاڵێکی ترمان پێ بکاتەوە؟! بێ گومان ئاشبەتاڵی ئەم جارە گورچکبڕتر و بە ناسۆرتر دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی کورد ئێستا بە هەموو کەموکوڕییەکانەوە خاوەنی حکومەت و پەرلەمان و بەڕێوەبردنی خۆیەتی، با لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا هێشتا دانی پێدا نەنرابێت. بە داخەوە وا پێدەچێت، کە ئەم جار (جیمس بیکەر) لە سەر شانۆی سیاسی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و وردتر بۆ گەلی کورد و دۆزە ڕەواکەی ڕۆڵی (هێنری کیسنجەر)ی ناوەڕاستی حەفتاکان بگێڕێت و زۆر بێباکانە ئەوەی کورد لەم ساڵانەی دواییدا بەدەستی هێناوە و بەسەریەکی ناوە بیکاتە قوربانی بەرژەوەندییە زۆر و زەوەندەکانی وڵاتەکەی و بە بای بدات!! ئیجاش چ سودی دەبێت، کاتێک پاش چەند ساڵێکی تر وەک لە کۆتایی حەفتاکاندا ڕویدا، لە ڕاپۆرتێکی نهێنی (سی، ئای، ئەی)دا بۆ حکومەتی ئەمریکا، دانی پێدا بنێن و بڵێن (( بەڕاستی ئێمە بێرەوشت بووین ناپاکیمان بەرامبەر بە کورد کرد، کاتێک تا کارمان پێیان بوو پشتمان گرتن و پاشان وازمان لێیان هێنا... !!)) (*).

من بەش بە حاڵی خۆم دەمێکە تێگەیشتوم و هیچ گەشبین نیم بەرامبەر بە بەڕێوەبردنی ناوخۆی دەستەڵاتی کوردی لە باشوری کوردستاندا، هەرچەندە (ئیساعیل بێشکچی) گوتەنی، خراپترین دەستەڵاتی کوردیم پێ لە باشترین دەستەڵاتی داگیرکەران باشترە، بەڵام ئەوەی کە تا ئێستا تۆزێ فەرامۆشی پێم دابێت و دڵخۆشی کردبێتم، ئەوەیە کە هەمیشە گوتومە، گرنگ ئەوەیە ئێستا کورد لە سیاسەتی ئیقلیمی و مامەڵە کردن لەگەڵ ئەمریکای زلهێز و ئەقڵی خۆرئاوادا شارەزا بووە و دەزانێت چۆن بە یەکڕیزی و تەبایی داشەکانی شەترەنجی سیاسی بە قازانج و بەرژەوەندی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بجوڵێنێت، لەبەر ئەوەی ئەم جاریان سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەزمونی زۆری کەڵەکە کردوە و فێر بووە. بەڵام بەداخەوە پێ دەچێت ئەم نیمچە گەشبینیەشم لە جێگای خۆیدا نەبووبێت و سەرکردەکانمان

هێشتا هەر سەرمەستی بادەی وادە و بەڵێنە سەرزارەکی و موجامەلە دیپلۆماسییەکانی لێپرسراوانی ئەمریکا بن.

بە ڕای من هەرەس و پشت تێکردنی ئەمجارەی کورد لە لایەن ئەمریکاوە ( ئەگەر ڕوبدات)، چەند قاتی ساڵی ١٩٧٥ بە ئازارتر دەبێت، و مێژووش بەزەیی بە کەسدا نایەتەوە، ئەوەی بە پلەی یەکەمیش لێپرسراوێتی ئەم نسکۆیەی دەکەوێتە سەر شان، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاک مەسعودە، چونکە چ وەک خاوەن باڵاترین دەستەڵاتی سیاسی کوردی و چ وەک سەرکردەیەکیش کە ئەمە لە تەمەنی خۆیدا دووەم جارە، کورد گوتەنی (مارێک لە هەمان کونەوە دەیگەزێت). هەرچەندە من بۆچون و وتارەکانی کاک مەسعودم لە مەڕ پشتگیری ئەمریکا زۆر پێ لە (قەرسیل هێنانە چۆک)ەکانی مام جەلال پێ باشتر بووە و وای دەبینم کە ئەو واقیعیانەتر و بابەتییانەتر لە پەیوەندی کورد و ئەمریکا بە تایبەتی و ڕۆژئاوا بەگشتی ڕوانیوە، ئەمەش دەکرێت هۆکەی بۆ ئەزمونی تاڵ و (پێوەدان)ەکەی ساڵی ١٩٧٥ بگەرێتەوە. دوای ئەویش ئۆباڵەکەی لە سەر شانی مام جەلال و سەرکردەکانی تری کوردە، کە هەر یەکە و بەشێکی تاوانەکە هەڵدەگرن، هەڵبەت دەکرێت بڵێین نوسەران و ڕۆشەنبیرانی کوردیش بێ گوناە نابن لە ئاست ئەم جۆرە کارەساتەدا، هەرچەندەش بە هۆی پرس پێ نەکردن و بەهێند وەرنەگرتنی بیروڕای توێژی ڕۆشفکر و غەمخۆرانی ئەم گەلە لە لایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە، پشکێکی کەمیان لەم لێپرسراوێتییە و تاوانە بەردەکەوێت.

ئەوەی من زۆر لام سەیرە، ئەوەیە کە سەرکردەکانی کورد و حزبە باڵادەستەکان ئەوی بیریان نەبێت و هیچ حیسابێکی بۆ نەکەن ڕای شەقامی کوردییە و تاوەکو کاریان پێیان نەبێت بیریان ناکەوێتەوە، لە ڕاستیدا لە کۆبونەوە چارەنوسساز و نهێنیەکانیاندا لەگەڵ حکومەت و لایەنە ناکوردی و ئیقلیمی و دەرەکییەکان بەگشتی و ئەمریکا و ڕۆژئاوا بەتایبەتی کەس نازانێت چ بڕیارێک دەدرێت و باسی چی دەکرێت، جگە لەو چەند ڕستە دووبارە و سواو و ڕۆتینیانەی کە ڕۆژانە لە میدیای دوو حزبە باڵادەستەکەی کوردستانەوە لە ڕاپۆرتە هەواڵەکاندا، کە لە سەر ئەم جۆرە کۆبونەوانە گوێمان لێ دەبێت!! تەنهاش لە کاتی هەڵبژاردن و ڕاپرسی و هێنانە سەر جادەی جەماوەر بۆ پشتگیری بڕیارێکیان و وەک کارتێکی فشار بۆ لایەنی ناکوردی، گەل و جەماوەریان بیردەکەوێتەوە.
بەڵام کاتێک پرۆژەیەکی بچوکی ئاو یان کارەبا بۆ کوێرەگوندێکی کوردستان ئەنجام دەدەن، لە میدیاکانی خۆیانەوە ئەوەندەی دەدەنەوە بە چاوی ئەم گەلە بەشخوراوەدا تا لێیان دەکەنە (کۆڵەکەکەی حەولای!! (**)) ئاخر نازانم تۆ کاتێک بە خۆت دەڵێیت حکومەت و دێیت میللەت بەڕێوە دەبەیت، ئیتر ئەرکی سەر شانتە کە کارەبا و ئاو و سوتەمەنی و ئاسایش و کار و خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانیان بۆ دابین بکەیت، ئیتر ئەم هەموو منەت و خۆڕادانە بەو پرۆژانەی کە لەبەر نادڵسۆزی و گەندەڵی لە جێبەجێ کردنیاندا، تەمەنی درێژیان چەند مانگێک یان چەند ساڵێک زیاتر ناخایەنێت ، چییە؟

کێشەی فیدرالی و کەرکوک، کە لە ڕپۆرتەکەی بیکەر- هیملتۆن دا دوور لە بەرژەوەندی و خواستی کورد باسی لێوە کراوە، جەوهەر و ناوەڕۆکی کێشەی کوردە، چونکە ئەوە چارەسەری بنەڕەتی ئەم دوو کێشەیەیە کە دەبێتە پاسەپۆرت و گوزەرنامە بەرەو قۆناغی داهاتوی خەباتی کورد، کە دروستکردنی کیانی سەربەخۆی کوردییە.

بەڕای من نەبوونی یان بەکارنەخستن و بەکارنەهێنانی کەسانی پسپۆڕ وشارەزا لە سیاسەتی نێودەوڵەتی بە گشتی و پەیوەندە دیپلۆماسییەکان بەتایبەتی وەک ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێم و مام جەلال، هەڵواسینی هەموو ئاوات و ئامانجەکانی میللەتێک بە ئەمریکای زلهێز، زیادڕەوی کردن و

خۆشخەیاڵی لە پەیوەندی نێوان ئەمریکا و کورد لە لایەن سەرکردایەتی کوردی، پشت نەبەستن بە گەل و جەماوەری کورد و شاردنەوەی زۆر لە مەسەلە هەستیار و چارەنوسسازەکانی نەتەوەکەمان لێیان و زاڵکردنی عەقڵییەتی حزبایەتی تەسک و ململانێی نابەجێ لە دانانی کەسانی دڵسۆز و شارەزا بۆ پۆستە گرنگەکانی بەغدا و هەروەها نەبوونی ستراتیژیەتێکی یەکگرتووی نەتەوەیی، دەکرێت لەو فاکتەرانە بن، کە بوونە هۆی پشتگوێ خستنی داخوازی و ئیرادەی کوردی لە لایەن ئامادەکەرانی ڕاپۆرتەکەی بیکەرەوە.

بەو هیوایەی کە حکومەتی ئەمریکا ئەو ڕاسپاردانەی لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە، بەتایبەت ئەو بەندانەی باس لە سێنترالیزەکردنی دەسەڵات لە عێراقدا و دوا خستنی مەسەلەی کەرکوک دەکات، جێبەجێ نەکات و دەرهاویشتەی ئەم ڕاپۆرتەش نەبێتە ئاسۆی ئاشبەتاڵێکی تر بۆ دۆزە ڕەواکەی گەلەکەمان، هەرچەندە بە گومانم و لاشم وا نییە، کە لەگومانکردنەکەمدا لە سەر هەق نەبم.

ڤینتەرتوور ٢١/١٢/٢٠٠٦
hiwanaseh@hotmail.com

**تێبینییەکی پێویست**: زاراوەی (ئاشبەتاڵ) م بۆ ناونیشانی وتارەکەم هەڵبژاردوە، ئەمەش نە لەبەر دژایەتیکردنی پارتی دیموکراتە و نە لەبەر خاتری ناحەزانێتی، بەڵکو ئەم وشەیەم لە مامۆستا هەژار موکریانی وەرگرتووە، کە خۆی تا سەر ئێسقان پارتی بووە و بە کردارییش لەو ڕوداوەدا ژیاوە و کارەساتەکەش بە (ئاشبەتاڵ) ناو دەبات. بڕوانە پێشەکی هەمبانەبۆرینە، فەرهەنگی کوردی ـ فارسی، ئینتشاراتی سروش، چاپی سێیەم،تاران ١٣٨١، لاپەڕەی ٢٨ پەرەگرافی دووەم.

پەراوێز/

(*) دەقی ئەم نامەیە لە کتێبی (شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سەردەم)، مەلا بەختیار، سوید ١٩٩١ دا بڵاوکراوەتەوە.

(**) ئەمە پارچە نواندنێکی کۆمیدیئامێزی ساڵانی نەوەتەکانی بەرنامەی (کەشکۆڵ) بوو، کە لە تەلەفزیونی گەلی کوردستانەوە پەخش دەکرا، کابرایەکی خەڵکی لادێ کۆڵەکەیەک دەداتە هاوڕێیەکی بۆ ئەوەی خانوەکەی پێ تەواو بکات، بەڵام ئەوەندەی باس دەکات و لای ئەم و ئەو دەیگێڕێتەوە، تا کابرا تەواو بێزار دەبێت و کۆڵەکەکەی سەر خانوەکە دەردەهێنێت و دەیباتەوە بۆ خاوەنەکەی پێشوی!!.